لەدەرەوەی بازنەدا

# خەریکە حکومەت دەروخێت!



نەوزاد عەلی ئەحمەد ــ سوید
nawzad.ali@hotmail.com

رۆژنامەنووسێك دەڵێت،
فلان وەزیر لەماڵەوە کارەکەرێکی هەیە بە رەش کاری پێدەکات
رۆژنامە نووسێکی تر نووسیویەتی،
وەزیرێکی تر پارەی کرێی مانگانەی تەلەفزیۆنی نەداوە.
چەندان رۆژنامەنووس بڵاویان کردەوە،
وەزیری دەرەوە پشکی لە چەندان کۆمپانیای گەورەدا هەیە.
رۆژنامەیەك لەسەروتارەکەیدا نوسیبووی،
سەرۆك وەزیران بەرامبەر بەسەرۆك بۆش خۆی زۆر بچووك کردبووەوە.
سێ رۆژنامەی بەناوبانگ لەلاپەرە یەك دا،
وێنەی ماچێکی پاش مەستی، سکرتێرەی سەرۆك وەزیران و رۆژنامەنووسێکیان بڵاو کردبووەوە.
رۆژنامە نووسێك ئاشکرای کرد،
فلان حزب لەرێگای ئەنتەرنێتەوە چۆتە ناو فایلە نهێنییەکانی حیزبێکی تر.
ئەمانە چەند وێنەو بەدواداچونێکی رۆژنامەنووسین لە ولاتی سوید، کە ماوەیەك لەمەوبەر خەریك بوو کابینەی حکومەتی بۆرژوازییەکان بروخێنن.
ئەی لەکوردستانەکەی من چ باسە...!
حکومەت قسەی خۆی دەکات وبەردەوام هەواڵی لە رووپەری لاپەرە یەکی رۆژنامەو هەفتەنامەکاندا هەیە، بەلام بەدوا داچوون بۆ راو پێشنیاری رۆژنامەنووسان ناکات.
لەکوردستانەکەی من...
هەندێك لە رۆژنامەنووسان وا دەزانن بەئیستفزاز حکومەت بۆچوونەکانیان وەردەگرێت، بۆیە قەڵەمیان ئەوەندە تیژە، ئەز لێرەوە هەست بەترس دەکەم.
لە کوردستانەکەی من...
حکومەت ئەوەندەی پشت بە ئیجتیهادی شەخشی دەبەستێت نیو بەقەد ئەمە بەلای یاسادا ناچێت.
رۆژنامەنووسانیش زۆرجار بێ بەڵگە قەڵەم لە حکومەت دەگرن.
بەکورتی لە کوردستانەکەی من..
وای دەبینم..
تا کورد و واقیعی راهین مابێت، رۆژنامەنووسان ناتوانن کورسی یەك وەزیر لەق بکەن، ئەی کەواتە چۆن دەتوانن کابینەی حکومەتێك بروخێنن..!!
(دیارە لە مێژووی کوردستاندا کابینەی حکومەت زۆر هاتوو و چۆیان کردووە، دەکرێت ئەم نووسینە بە شمولی وەربگیرێت..)